کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
6-4-2007 16:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تکایە ڕێبوار و نیاز چی تر کاتمان بەفیرۆ مەدەن... چرۆ تەها قادر

خۆم بەبەختیار ئەزانم کەبەشداری بکەم لەم ماڵپەڕەجوانەدا بەم وتارەکەڕەنگەڕای زۆربەی خوێنەران بێت، ماوەیەکەلەبەر هۆی شەخسی چەند وتارێك دەخوێنینەوەلەلایەن نیاز و ڕێبوار دژ بەیەك و زیاد لەکات کوشتنی خوێنەران هەست ناکەم هێچ سوودێکی تری هەبێت.
بوونی گۆڤاری کوردی لەهەر شوێن و زەمانێکدا بێت پاراستنی زمانی نەتەوەیەکەپێش هەموو شتێك، بەعسیش حیزبیکی نەتەوەیی عەرەبەنەك کوردی، جا کەنیاز کوردەو ئەڵێ بەعسی نیم کاك ڕێبوار هەر ئەیەوێ بیکات بەبەعسی، کەسێك هەر حیزبێك بێت ئازادەبانگەوازی بۆ بکات. با کاك نیازیش بەئاشکرا و بێ ترس بڕوای بەهەچ حیزبێك هەیەبا بیڵێت و لەکوردستانا ئازادی ڕا دەربڕین هەیە.
هەرکەسێکیش نووسینێکی لەگۆڤارو ڕۆژنامەیەکدا بڵاو کردبێتەوەشەرت نییەسەر بەو لایەنەبێت کەئەو گۆڤارەدەعم ئەکەن.

بەم جۆرەبێت هەموو کەسێك ئەتوانرێت بکرێت بەهەموو شتێك، تەنیا بەلکاندن و زیادەخستنەسەر، چونکەخوێنەری ئەم نەوەیەهەم ئەو گۆڤارانەی لا نییەو هەم ئاگاداری ئەو زەمەنەنییە. نیاز لەنووسینەکەیدا وا دەرئەکەوێت کەڕۆژنامەنووسەو ئەیەوێت خزمەتی وشەی کوردی بکات، ڕێبواریش دەیەوێت لەکەداری بکات بەشتێك نەی کردوووەیان گەر کردبێتیشی ئێستا هەڵوێستێکی جوامێرانەی هەیەو ئەو کاتەش تەعدای لەکەس نەکردووەو تاوانی بەرانبەر مرۆڤایەتی ئەنجام نەداوە، نووسینی بەهەر ناوو مەبەستێکەوەهەبێت، ئەوا نووسین ناچتەگیرفانەوەو هیچ ڕەواجێکی نییە، جا من پێم باشەئەو دوو بەڕێزەلەبری ئەوەی کای کۆن بەبا بکەن و لەجەدەلێکی بێ سوودا خۆیان و خوێنەران سەرقاڵ بکەن ئەوا باشترەبۆ ئەوان کەبیر لەپرۆژەو نووسینی داهێنەرانەبکەنەوەو خۆیان و خوێنەران مەشغوڵ نەکەن بەبابەتێکەوەکەهیچ سوودێکی تیا نییە، ئەگەر لەبێ ئیشیشدا ئەمەئەکەن ئەوا بواری خزمەت کردن لەکوردستانی خۆشەویستدا زۆر
فراوانەو دەرگای والایەبۆ هەموو کەسێکی دڵسۆز کەبچێتەپێشەوە

بەڕاستی من هەندێك جار زۆر نیگەران ئەبم کەشتی لەو بابەتەئەخوێمەوەچونکەبەڵگەبێت لەسەر هەچ
شتێك ئەوا بەڵگەیەلەسەر دواکەوتن و تێ نەگەیشتنی ئەو دوو بەڕێزە. ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی لەهەموو کاتێك زیاتر وێویستی بەتەبایی و گیانی هاوکاری و برایەتییە، تکایەبارڕقی شەخسی وەلا نێین و هەمووان پێکەوەقۆڵی مەردایەتی و خزمەتکردنی لێ هەڵکەین. با چیدی بێزار نەبین لەخوێندنەوەی ماڵپەڕەکوردیەکان و میزاجمان تێك نەدات.

بەڕێزان سەرپەرشتانی ماڵپەڕەکانیش هەقەسنوورێك دا بنێن بۆ بڵاو نەکرنەوەی بابەتی بێ سوود، جارێکی تریش داوا لەو دوو بەڕێزەئەکەم کەچی تر کاتمان نەکوژن وەك خوێنەرانی کوردی ماڵپەڕەکان

فینلەندا 3-4-2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.